ناوداران

کارل گۆستاف یۆنگ

زانایەکی دەروونناسەو لە ساڵی (١٨٧٥) دا لە سویسرا هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی لە سویسراو فەرەنسا تەواو کردوەو بۆتە مامۆستای زانستی دەرون لە شاری زیورخ. دواتر لەگەڵ زانای دەروونناس (فرۆید) دا چەندین بیردۆزیان لەبارەی شیکردنەوەی دەروونییەوە داناوە. کارل بڕوای وابووە کە نەخۆشی دەروونی لەئەنجامی نەگونجان لەگەڵ دەورویەردا پەیدا دەبێت. ئەم زانایە جگەلەوەی لە بواری دەروونناسیدا گەلێك کتێبی بەسوودی نووسیوە، خوێندنگەیەکی تایبەت بە (چارەسەرکردنی دەرونی) شی لە شاری زیورخ دروستکردووە. ئەم زانایە لە ساڵی (١٩٦١) دا لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە.

ئا : عەبدولخالید سابیر

هەمەڕەنگ

فلوت

ئامێرێکی مۆزیکییەو بە ئامێری (فوودار) ناودەبرێت، چونکە بەهۆی (فوو) وەوە لێدەدرێت. فلوت شێوەیەکی لوولەکی هەیەو لەسەر رووی دەرەوەی چەند کونێك هەیە کە پێیان دەوترێت (پێت). ئەم ئامێرە بە ئاسانی لە ئامێرە هاوشێوەکانی خۆی جیادەکرێتەوە بەوەی کە لە کاتی ژەنیندا بە هەردوو دەستو بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەگیرێت.

فۆسفۆڕ

پێکهاتەیەکی رەقی ناکانزاییەو بەشێکی زۆری خانە زیندووەکان پێك دەهێنێت. وەك ماددەیەکی کیمیاوی لە ساڵی (١٦٦٩) وە ناسراوەو بە شێوەیەکی سەرەکی لە (فۆسفۆریت یان بەردی فۆسفۆڕ) دا دەست دەکەوێت. فۆسفۆڕ چەند رەنگێکی هەیە لەوانە سپی، سورو رەش. فۆسفۆری سپی لە پیشەسازی تەقەمەنیداو فۆسفۆری رەش لە پیشەسازی ئەلکترۆنیداو فۆسفۆری سور لە دروستکردنی ئەو بەشە زبرەی کە بە قاوغە شقارتەوەیە بەکاردەهێنرێت.

ئا : ئەریمان عوسمان
وێنە : بیگەرد عوسمان